# وشەفرۆشیی و شتی تریش

جەمال پیرە

لە هەموو سەردەمێکدا بەردەوام کەسانێك هەبوون هەڵگری بەهاو قیەمی مرۆڤایەتی بوونو شایستەی ئەوەبوون مێژوو لەناولاپەڕەکانی خۆیدا شوێنگەیەکی پڕ لە فەخرو شانازیان بۆ تەرخان بکات، کەسانێك هەبوون خاوەن شەهامەتو سیمای مەردانە بوونو لەهەرشوێنێ بووبن سەربەرزانە مامەڵەیان کردووەو هەیبەتو پێکهاتەیان بەس بووە بۆ ئەوەی بەرامبەرەکانیان بە رێزەوە پێشوازییان لێبکەن، بەردەوام لە نێو هەموو کۆمەڵگایەکدا مرۆڤی رەوشتبەرزو مرۆدۆستو جوانیناس هەبوون کە هیچ قەدەرێك ناچاری نەکردوون ماناو واتاکانی مرۆڤ بدەنە دەست جەهلدۆستییو خۆدۆڕاندنو هوتافلێدانێکی ئاگرخۆشکەرە، دیارە لەبەرامبەریشدا بەردەوام کەسانێکی پێچەوانەی ئەو کاراکتەرەی لەسەرەوە خراوەتە روو هەبوونو ئاکتیڤ بوون، کەسانێك لە بەرامبەردا هەبوون، هەلپەرستو خۆفرۆش بوون، بەناو روناکبیرو زورناژەنانێك هەبوون لە قەڵەمفرۆشییو وشەفرۆشیی بەملاوە هیچ پیشەیەکیان نەزانیوە، بێهەڵوێستو ناشایستە، زەندیقو ملکەچی هەموو ئەو لۆژیکە بوون کە دەڵێ ستایشم بکە دەتژیێنم، چاوپۆشیی لەکەموکورییو هەڵەکانم بکە پارەدارترت دەکەم، هەر کاتێکیش خاوەن لۆژیك بێدەسەلاتو لاواز ببینێ، سەرگەردانیی دۆزینەوەو رازیکردنو سەرنجڕاکێشانی دەسەلاتو لۆژیکێکی نوێتر بووە، هەڵبەتە لەسەر حسابی فێڵکردن لە دەوروبەری بێئاگاو پشتبەستن بەو هێزەی خاوەن لۆژیکە نوێیەکە بە سنگێکی والا لە هەوڵی نمایشکردنی قیافەو لارو لەنجە فێلاویو رێویئاساکانیدا بووە، لێرەدا بۆ ئەوەی درێژدادڕیی نەکەمو مەبەستەکەیشم بگەیەنم  دێمو کورتە پێناسەیەکی ئەو چەمکە دەخەمەڕوو کە ئەمڕۆکە وەك دیاردەیەکی خەتەرناك لەناو فەزای روناکبیریی کوردیدا بلاوە، ئەویش چەمکی "وشەفرۆش"ییە، وشەفرۆشیی پرۆسەیەکی تری دەستەمۆبوونو بەکۆیلەبوونێکی ترە لە شێوەو ماسکێکی مۆدێرنانەدا، گۆڕینەوەی ویژدانە بە بێویژدانییو شێواندنی ئەخلاقی نوسینە لەناو دەنگ دا، گەمەکردنە بە زمان لە خزمەت حەزە تایبەتییەکان یاخود رەواندنەوەی پاڵەپەستۆی دەسەلاتە لەبەر هەرهۆیەکەوە بێت لەوەی کە نەبادا دووچاری چاوسوورکردنەوەو بێبەشکردنی ماددییانە بێت، حەتمەن کاراکتەری سەرەکییو جێبەجێکاری پرۆسەی وشەفرۆشیی "وشەفرۆش" خۆیەتی، وشەفرۆش بەو پێیەی کە خووی سەرەکیی خۆیو ژیانو نانی لە وشەفرۆشیدا نەبێ لە هیچ شوێنو کارێکی تردا نابینێتەوە، بۆیە نەدەتوانێ دەسبەرداریی ئەم پیشەیەی بێتو نە بۆیشی دەکرێ تا سەر جێگیرو سەقامگیر بێت لە ژێر رەشماڵی خاوەن لۆژیکی نوێیدا بۆیە بەردەوام لە زیهینی ئەودا جووڵەو هەستو پاڵنەرێك هەیە داوای ئەوەی لێدەکات کە بەدوای خاوەن لۆژیکێکی تردا بگەڕێت، لەبەر ئەوەی وزەی ئەو بەبەردەوامیی، ستایشو پیاهەڵگوتنەکەی ئەو قەت لە شوێنی خۆیدا ناوەستێو راڕایی بۆ هەمیشە بەرۆکی دەگرێتو مەستو حەیرانی هەر لۆژیکێکی تر دەبێ، باش بێ یا خراپ لای ئەو گرنگ نییە ، گرنگ ئەوەیە رەشماڵێ بێو بیگرێتەخۆ، بەردەوام خۆی ماڵی لەشووشەیەو بەردیش دەگرێتە ماڵی کەسانی ترەوە، جا بۆ ئەوەی لە پێناسەکردنی پرۆسەی وشەفرۆشییو کاراکتەری وشەفرۆشدا زیدەتر نەدوێینو بابەتەکە درێژتر نەکەین کە بێگومان زۆرترو زۆرتر لەم وتارەی من هەڵدەگرێو رەنگە ئەگەر چەند کتێبێك دەربارەی بنوسرێت بەشی نەکات. بەلاّم من لێرەوە بە وردی لێکۆڵینەوە لە بابەتەکە بۆ قەڵەمی خاوەن هەڵوێستو بە ئەمەك لەهەرکوێو لەناو هەر حیزبێکدا بێت بەجێی دێڵم کە دڵنیام خاوەن هەڵوێست لەهەموو شوێنێکدا هەیە ، دێینە سەر چاوخشاندنێکی خێرایانە بەسەر ئامادەیی ئەم پرۆسەیە لەناو رۆژنامەگەریی کوردیدا لە رابردوو و ئێستا دا، ئەگەر لە مێژووی شۆڕشەکانی کوردی کوردستانی باشووری سەدەی رابردوودا دەستپێبکەین ئەوا زۆر ئاشکرایانە خەڵکانێکی بەناو رووناکبیرو ئینشانووس بەدەردەکەوێت کە سەرقافلەی تێکدانو نەخشەداڕشتنی پیلانی ناحەزانە بوون دژ بە شۆڕشەکان خۆیانەوە، ئەم پرۆسەیە لە زۆر حاڵەتدا ئاستەنگی سەرسەختی بزوتنەوە شۆڕشگێرییەکان بوون تا دەسەلاّت گرتنەدەستی بەعسییە فاشییەکان کە لەوێوە

وشەفرۆشیی قاڵبێكی تری مۆدێرنە وەردەگرێت‌و بە شێوازو نەمەتێكی تر دێتە مەیدان بە شێوەیەك كە نەك هەر تەنها وەك ئاراستەیەكی نێگەتیفی سادە هاتە بەرچاو بگرە زۆر جار زەبری تێكدەرانەی ئەوان لە هی دوژمنان گەورەترو تێكدەرانەتر بووە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی كە نازناوی جاشقەڵەمی پێبەخشریٚ، هەڵبەتە جاشقەڵەمبوون بە درێژایی ٣٥ ساڵەی حوكمڕانی بەعس لە كوردستانی باشووردا دەستێكی باڵای هەبوو لە بەردەوامی نەفەسی بەعسییانە لەناو كایەی رۆژنامەگەریی كوردیدا ، لەدوای راپەڕینەوە كە بەعس بە جەستە لەكوردستان دەڕوات‌و كورد خەریكی رێكخستنی ناومالّی خۆی دەبیٚ‌و جاشقەڵەمە كۆنەكان یان روونتر بڵێین وشەفرۆشەكان بەپێی ئەو پێناسەیەی سەرەوە وێڵبوون بە دوای دۆزینەوەی لۆژیكە باڵادەستەكە یاخود ئەو لۆژیكەی كە ئەوانیان قەبووڵە، دیارە سروشتی دەسەڵاتی ئیداری‌و سیاسیی كوردی وابوو كە بەتەنها هێزێك لە گۆڕەپانەكەدا نەبوو بەڵكو چەند هێزێك بوون بەڵام بە گشتی دوو هێزی سەرەكیی لە مەیدانەكە بوون، كە خۆی لە پارتی‌و یەكێتییەوە بینییەوە، هەڵبەتە وشەفرۆشەكان بەدوای بە رەشماڵكردنی هێزێك بوون لەم دوو هێزانەدا بۆ ئەوەی تیایدا بحەسێنەوە لەمەشدا تا رادەیەكی زۆر توانیان سەركەوتوو بن، دیارە من لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە هیچكام لەم دوو هێزە تاوانبار بكەم بەوەی كە كامیان دەرگاكەی خۆی بۆ ئەم توێژە هەلپەرستە والاتر كردەوە بەڵام دەمەویٚ ئەوە بڵێم كە هەلپەرستەكان لەو ماوەیەدا نەك هەر توانیان شوێنێك بۆ خۆیان بكەنەوە پارێزگاریی لە بەرژەوەندییەكانیان‌و كارە خووپێگرتووەكانیان بكەنەوە بەڵكو توانیان نەوەیەكی نوێش لە ژێر سێبەری خۆیاندا پەروەردە بكەن بە هەمان لۆژیك‌و بیرۆكە بەڵام بە شێوازێكی ترو عەقڵییەت‌و ستراتیژیایەكی قوڵتر ، ئەوانیش كە ململانێی ناڕاستی دوو حیزبە گەورەكە دێتە پێش ، باوەشێنە ئاگرخۆشكەرەكانیان خێراتر دەوەشاند هەر یەكیٚ بەپێی شوێنی كاركردنی خۆی‌و دابەشبوونیان بەسەر دەزگاكانی راگەیاندندا ، رادیۆ، رۆژنامە، هەفتەنامە، گۆڤار، تەلەفزیۆن، هتدە..

بێگومان زۆر لەو برادەرانەی كە بەشدار بوون لە تێكدان‌و گەورەتر كردنی گرفتی ناوەخۆو نزیكن‌و ناسراویشن، پێموایە هەموو لایەكمان یەكەیەكە دەیانناسین پێیان ئاشناین، بۆیە من بەلامەوە زەروور نییە ناوی هیچكامێكیان بێنم، ئەوان كە چەند ساڵێكی تری پرۆسەی وشەفرۆشتنیان خستەسەر تەمەنی وشەفرۆشتنەكانیانەوە بەسود وەرگرتن‌و قۆستنەوەی هەلی كێشەی ناوەخۆ، بێگومان دەبیٚ كەمتەرخەم نەبن لە گەورەتر كردنی كێشەكان، وەختیٚ خۆشبەختانە دووبەرەكی ماڵی خۆی تێكدەنیٚ‌و ماڵئاوایی دەكات ئەوەی كە قەڵس دەبیٚ وشەفرۆشەكانن، بۆچی؟ لەبەر ئەوەی كە ئاراستەو لۆژیكێكی تر بدۆزنەوە كە ئاسان نییە، لەبەر ئەوە لێرەوە بازارێكی گەرم نامێنیٚ بۆ ساغكردنەوەو فرۆشتنی وشەكانیان، جا لەوێوە بە پەرش‌وبلاّوی وێڵ‌و سەرگەردان دەبنەوەو دەست دەكەن بە مەزادی وشەو رستەو ئینشاكانیان، ئینجا سەنگەرگۆڕینەوە لەپەنای ئەو تێگەیشتنەی كە دەڵیٚ مرۆڤ ئازادە لەهەر كوێیەك كار بكات، بەڵیٚ مرۆڤ ئازادە هەڵگری چ ئینتیمایەك بێت‌و چ شوێنێك بۆ كاركردن هەڵبژێرێت، بەڵام ئازاد نیت لەوەی كە لە هەر كوێیەك بیت لە پەنای ستایشی بیبسی كولاكەكەی شوێنەكەت‌و جێنوفرۆشی بە سینالكۆیەكەی شوێنێكی تر بكەیت، لەهەموو ئەوانە سەیرتر كە ئەو كۆمەڵە وشەفرۆشە زۆر پەرت‌وبلاوانە دابەشبوون بەسەر هەموو شارەكانی كوردستانداا هەیانە نغرۆی لادان بووە لە بەهای ئینسانییانەدا لەهەمانكاتدا دەیەویٚ لە پاڵ خراپ بەكارهێنانی چەمكەكانی پۆستمۆدێرنەوە ، لەكەكەی دەم‌و چاوی بشارێتەوە، لە كۆتاییدا من ئەسەف بۆ ئەوە دەخۆم كە لە ولاتێكدا دەژییم مەزادخانەی مرۆڤی تیایە، دەبیٚ ئایندەی ئەم ولاتە چی بێت؟!، پێموایە كاتی ئەوە هاتوو دەزگاكانی راگەیاندنی كوردیی بەهەموو رەنگەكانیانەوە دەسبەرداری وشەفرۆش‌و ماستاوچیی‌و ساختەچییەكان بن‌و هەر چییەك بڵێن‌و بنوسن هەڵنەخەڵەتێن، خۆشبەختانە ئەو زەمەنەش بەسەرچووە تاكی كورد رەش‌و سپی لەنێو كایەی رووناكبیریدا لەیەكجیانەكاتەوە، بەقەد ئەوەش وشیارە گویٚ لە كیٚ بگریٚ‌و چ ئاراستەیەكی تێگەیشتن بۆ خۆی وەربگریٚ؟!، چونكە من دڵنیام رووناكبیریی راستەقینە لەناو هەچ كام لە حیزبێكدا بێت ئەگەر بیەویٚ‌و مەبەستی بیٚ دەتوانیٚ پەیوەندییەك نەبەستیٚ لەسەر بنەمای نیفاقی سیاسییەوە بێت.

*jamalpira@yahoo.com*